# ڕۆڵی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە وەرگێڕاندا

**ID No. 218**

(PP 208 - 225)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.13

**عەبدوڵا حوسێن ڕەسول** **عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی**

كۆلێژی زمان-بەشی زمانی كوردی / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

abdulla.raswl@su.edu.krd atif.farhad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/03/06**

**پەسندكردن : 2022/04/03**

**بڵاوكردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

یەكێك لە ڕێگا گرنگەكانی گواستنەوەی بیر و بۆچون و زانیاری لە بوار و زانستی جۆراوجۆر لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیكی تر و لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر ڕێگای وەرگێڕانە، زمانە جیاجیاكان وایان كردوە، هەر لە كۆنەوە مرۆڤ هانا بۆ وەرگێڕان ببات، بۆ ئەوەی لەگەڵ نەتەوە و ڕەگەز و زمانانی تر مامەڵەبكات.

ئەگەر وەرگێڕان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر نەبوایە و هەر میللەت و نەتەوەیك تەنیا بە زمانی خۆی بدوابا و لە كاری ڕۆژانەیدا تەنیا زمانی خۆیان بەكارهێنابا ، بۆ ساغكردنەوەی كاڵاكان و سود وەرگرتن لە كاڵا و بەروبوم و زانیارییەكانی میللەتانی تر، هانای بۆ وەرگێڕان نەبردبا، ئەوا مرۆڤایەتی ئەو پێشكەوتنەی ئێستای بەخۆوە نەدەدی و ژیانی مرۆڤ هەریەكە بەپێی كۆمەڵگەكەی خۆی لە كۆمەڵگەیەكی داخراو دەرنەدەچو و مرۆڤ هەر لەسەر شێوازە كۆنەكەی خۆی دەژیا.

واتە؛ هۆكاری پێشكەوتنی نەتەوە و میللەتان كاری وەرگێڕانە. بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، تیشك بخەینە سەر وەرگێڕان و جۆرەكانی وەرگێڕان و ڕۆڵی ئەو ئامێرە ئەلیكترۆنیانەی لە سەردەمی ئێستاماندا زۆربەی بوارەكانی ژیانیان داگیركردوە و زۆر ئاسانكارییان بۆ مرۆڤ فەراهەم كردوە.

ئەوەی بۆ ئێمەی كورد گرنگە، چۆن بتوانین لە ڕوی زمانەوە سود لە وەرگێڕانی ئامێری ببینین، لە ڕێگای ئەو پرۆگرام و ماڵپەڕە ئەلیكترۆنیانەی تایبەتن بە بواری وەرگێڕانی ئەلیكترۆنی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە، تیشك بخەینە سەر ئەو پرۆگرام و ماڵپەڕانەی تایبەتن بە وەرگێڕانی ئامێری و زمانی كوردییان تێدا بەكارهاتوە و دەكرێ تاكی كورد سودیان لێ ببینێ.

بۆ پێكانی مەبەست توێژینەوە دابەشی دو بەش كراوە. لە بەشی یەكەمدا باسی پێگەی وەرگێڕانی ئامێری لە زمانەوانیدا كراوە و لە بەشی دوەمدا باسی وەرگێڕانی ئامێری كراوە و هەر یەک لەم بەشانەش دابەشی چەند تەوەرەیەک كراوە.

**وشە گرنگەکان:** وەرگێڕان، ئامێری ئەلیكترۆنی، زمانەوانیی كارەكی، كۆمپیوتەر، زمانەوانیی كۆمپیوتەری، وەرگێڕانی ئەلیكترۆنی.

## پێشەكی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان لە وەرگێڕاندا)یە. هەوڵێكە، بۆخستنەڕوی ڕۆڵی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان لە سەردەمی ئێستاماندا، بەتایبەت ئەو ئامێرانەی بە ئامێری زیرەك ناودەبرێن، وەك: (كۆمپیوتەر، ئایپاد، تابلێت و مۆبایلە جۆراوجۆرەكان)، لە وەرگێڕاندا و چۆنیەتیی سود وەرگرتنمان وەك كورد لەم ئامێرانە بۆ وەرگێڕان لە نێوان زمانی كوردی و زمانانی تری جیهاندا. بە شێوەیەكی گشتی ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەكی و ئەنجام، لە سێ بەش پێكدێت.

### 1- (پێگەی وەرگێڕانی ئامێری لە زمانەوانیدا)

بەشی یەكەم وەک زەمینە خۆشكردنێكە بۆ چونە ناو بابەتی وەرگێڕانی ئامێری و پێگەی لە نەخشەی زمانەوانی بە گشتی و تیشک خستنە سەر هەوڵی توێژەرانی كورد لەم بوارەدا و هەڵسەنگاندنی كارە سەرەتاكانی ئەم بوارە. بۆ پێكانی ئەم مەبەستە ئەم بەشەمان دابەشی ئەم تەوەرانەی خوارەوە كردوە:

#### 1-1 پێداچونەوە بە كارەكانی پێشتر:

ئەم تەوەرەمان تایبەتكردوە بە پێداچونەوە بەو كارانەی لە بواری وەرگێڕانی ئەلیكترۆنیەوە لەسەر زمانی كوردیی نوسراون. ئەوەی بەرچاومانكەوتوە دو نامەی ماستەرن كە لەسەر ئەم بوارە نوسراون، یەكەمیان: بەناونیشانی (الترجمة الالية للجمل البسيطة

بين اللغتين الكردية و العربية) كە (ماجد محمد نورى، (1993)) نوسیویەتی و دوەمیان: بەناونیشانی (وەرگێڕانی ئامێری ڕستە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی)، لە لایەن (مەریوان ئەسعەد بەهائەدین)ەوە ساڵی (2013) نوسراوە.

**نامەی یەکەم: (الترجمة الالية للجمل البسيطة بين اللغتين الكردية و العربية):**

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، چەند هەوڵێکی زانستی لە زانکۆکانی عیراق بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بواری وەرگێڕان دران و یەکێک لەو کارە ئەکادیمیانەی لەسەر وەرگێڕانی ئامێری نێوان زمانی کوردی و عەرەبی و شیکردنەوەی زمانی کوردی لە زانکۆکانی بەغدا ئەنجامدرا، نامەیەکی ماستەر بو، لەلایەن قوتابیەکی خوێندنی باڵای ماستەر لە پسپۆڕیی کۆمپیوتەر نوسراوە، ئەویش نامەی ماستەری (ماجد محمد نورى)یە، بە ناونیشانی (الترجمة الالية للجمل البسيطة بين اللغتين الكردية و العربية)یە و لە ساڵی 1993 پێشکەشی بەشی کۆمپیوتەری کۆلێژی زانستی زانکۆی سەددامی کردوە و بە زمانی عەرەبی نوسراوە و دو سەرپەشتیاری هەبون: پ.ی.د. ڕەوشەن عەبدولڕەحمان و پ.ی.د. سەباح محەممەدەمین. نامەکە لە 78 لاپەڕە پێکهاتوە و بەسەر پێنج بەش دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: پێشەکی، ئەمانە لەخۆدەگرێ:

1-1- سەرەتا.

1-2- ئەو ئامێر و کەرەسانەی لە وەرگێڕانی ئامێری بەکارهاتون.

1-3- بابەتە گشتیەکانی لێکۆڵینەوەکە.

بەشی دوەم: چارەسەرکەری وشەسازی.

بەشی سێیەم: چارەسەرکەری ڕێزمانی.

بەشی چوارەم: جێبەجێکرنی سیستەمی وەرگێڕان.

بەشی پێنجەم: گفتوگۆ و ئەنجام و پێشنیار.

لەم نامەیەدا، یاسا فرێزیەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکراو لەلایەن د. وریا عومەر ئەمین، بۆ ئەنجامدانی کارەکە کراونەتە بناغە، ئەم نامەیە باس لە دانانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دەکا، بۆ وەرگێڕانی ئامێریی ڕستەی سادە، لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا.

گرنگیی ئەم بەرنامەیە لەوەدایە، ئەو کاتەی ئەم نامەیە نوسراوە، شتێکی تازە بوە و توانیویەتی ڕستەی سادەی کوردی، بە ماوەیەکی زۆر کورت وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە لە عەرەبیەوە بۆ کوردی، شێوەی وەرگێڕانەکە بۆ شیکردنەوەی ڕستە لە زمانی یەکەم و داڕشتنی ڕستە لە زمانی دوەمدا بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێ، کە بریتین لە: قۆناغەکان شیکردنەوەی وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی. بۆ ئەم مەبەستەش زاری ناوەڕاست وەک بنچینەی ئەم کارەی بەکارهێناوە.

توێژەر لەم سێ قۆناغەدا، بۆ وەرگێڕانی ئامێری، چاپی دوەمی زمانی (تۆربۆ برۆلۆک)ی بەکارهێناوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ــ شیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی بە ڕێگای کۆمپیوتەر.

٢ــ دروستکردنی چارەسەرکەرێکی ڕێزمانی بۆ زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی، بە بەکارهێنانی شێوەی ڕێزمانی دەستەواژەی دیاریکراو (Definite Clause Grammar).

٣ــ دروستکردنی سیستەمێکی تێکچڕژاوی وەرگێڕانی ئامێریی بۆ ڕستەی سادەی نێوان کوردی و عەرەبی.

تیایدا باس لە فەرهەنگێکی زمانی کوردی و فەرهەنگێکی زمانی عەرەبی دەکا کە بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی لەسەر بنچینەی ڕەگی وشەکان بەپێی دابەشکردنی ڕێزمانی وەک: ناو، کار، ...هتد. خراوەتە ناو پرۆگرامەکە.

**سەرنج و تێبینی لەسەر ئەم نامەیەی سەرەوە:**

دەکرێ، سود لەم نامەیە وەربگیرێ وەك، بنچینەیەك بۆ وەرگێڕانی نێوان ئەم دو زمانە، بەڵام لە هەمو کاتێکدا ئەنجامەکەی تەواو کوتومت نابێ، چونکە وردی ئەم بەرنامەیە دەوەستێتە سەر ئەو زانیاریانەی خراونەتە ناوی، هەروەها تەنیا ڕستەی سادە چارەسەر دەکەن و توانای چارەسەرکردنی ڕستەی نasادەی نیە.

جگە لەمانە قوتابیەکە پسپۆڕیی کۆمپیوتەرە و شارەزایەکی ئەوتۆی لە زماندا نیە، تاکو بتوانێ، لە ڕوی زمانیەوە چارەسەری گیروگرفتەکانی وەرگێڕان بە شێوەی گشتی و وەرگێڕانی ئامێری لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبی بکا، بەڵام دەستپێکێکی باشە بۆ برەودان بەم بوارە.

یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە، ئەو پرۆگرامە بۆ ساڵی نەوەدەکان شتێکی تازە بوە و بۆ سەردەمی خۆی ئەم بەرنامانە سەرکەوتوبون، بەڵام لەدوای دەرکەوتنی سیستەمی کارکردنی ویندۆسی ٩٥ (95Windows) لە ساڵی1995ز و ئێستاکە لە سەدەی

بیست و یەکە و دوای داهێنان و دروستکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنیە زیرەکەکان، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، پرۆگرامی وا هاتەکایەوە، زۆر خێراتر و وردتر و ئاسانتر کارەکانی خۆی ئەنجامدەدا، بەکارهێنەرانی ئاسایی دەتوانن - دوای ئەوەی بەرنامەیەکی تایبەت لەلایەن پسپۆرانەوە دادەندرێ- زۆر ئاسانتر لەوانەی پێشو بەکارییبێنن کە جاران دەبوایە، بە سیستەمی زمانی ئەلیکترۆنی بنوسرێن، هەروەها ئەو پرۆگرامانەی ئێستا بۆ وەرگێڕانی ئامێری بەکاردێن، بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتو دروستکراون کە بەردەوام لەبەر دەستی بەکارهێنەراندان.

**نامەی دوەم: (وەرگێڕانی ئامێری ڕستە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی):**

یەکەم نامە کە بە زمانی کوردی لەسەر وەرگێڕانی ئامێری نوسرابێ، نامەی ماستەری (مەریوان ئەسعەد بەهائەددین)ە، ساڵی (2013) پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددینی کردوە، بە ناونیشانی (وەرگێڕانی ئامێری ڕستە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی ــ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی کارەکیە)، (پ.ی.د. ڕەفیق محەممەد شوانی) سەرپەرشتیی نامەکەی کردوە. نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پێشنیار لە چوار بەش پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بە بنەما تیۆریەکانی وەرگێڕانی ئامێریی.

بەشی دوەم: بە ناونیشانی زمانی کوردی و وەرگێڕانی ئامێریە.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە پرۆسەی شیکردنەوەی وەرگێڕانی ئامێری.

بەشی چوارەم: بە ناونیشانی (ڕێککەوتن و گیروگرفتی ڕێککەوتن)ە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم نامەیە یەکەم نامەی ماستەرە لەسەر وەرگێڕانی ئامێری، بە زمانی کوردی نوسراوە و بۆ سود وەرگرتن لەم جۆرە وەرگێڕانە بە بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان هەوڵێکی باشە و کوردیش وەک هەمو نەتەوەکانی تر دەکرێ سودیان لێ ببینێ، بەڵام هەندێ کەموکوڕی لەم نامەیە بەدیدەکرێن، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەیانخەینەڕو:

١ــ لەگەڵ ئەوەی لەسەر بەرگی نامەکە نوسراوە (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کارەکی یە)، بەڵام تەنیا گرنگی بە لایەنی تیۆری داوە و زیاتر لە ڕوی تیۆریەوە باسی لە وەرگێڕانی ئامێری کردوە، ئەویش لە ڕوی دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان بە گشتی و چەند نمونەیەکی کەمی لەسەر بەراوردکردنی وەرگێڕانی هەندێ وشە و ڕستەی لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی کوردی هێناوەتەوە. واتە؛ نەیتوانیوە، لە دوتوێی نامەکەیدا باس لە دانانی پرۆگرامێکی وەرگێڕان بکا کە لەسەر ئامێرە زیرەکەکان یان کۆمپیوتەر و هەر ئامێرێکی تری وەرگێڕان کاربکا، هەروەها ئاماژەی بەو پرۆگرام و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیانە نەکردوە کە ئێستا لەبەردەستدان و بگرە لە بواری وەرگێڕانی ئامێری بەکاردەهێندرێن و بە سەدان زمان لەخۆدەگرن.

٢ــ دەبوایە، باسی لەوە کردبا، ئێمەی کورد چۆن بتوانین، سود لەو پرۆگرام و ماڵپەڕانە وەربگرین کە تایبەتن بە بواری وەرگێڕان؟ و چۆن بتوانین زمانی کوردی بخەینە ناو ئەو پرۆگرامانە؟.

٣ــ لە خوێندنەوەی نامەکە ئەوە بەدیدەکرێ کە نوسەری نامەکە شارەزاییەکی وای لە بواری ئەلیکترۆنی نەبوە و وەک کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە نەیتوانیوە، خۆی لە قەرەی جۆرەکانی ئەو پرۆگرامانە بدا کە تایبەتن بە بواری وەرگێڕانی ئامێری.

**تێبینیەکی گشتی لەسەر هەر دو نامەکە:**

بە خوێندنەوەی هەر دو نامەکە، دەگەینە ئەوەی، بۆ سەرکەوتن لە نوسین و دانانی پرۆگرامێکی تایبەت بە وەرگێڕانی ئامێریی زمانی کوردی بۆ زمانانی تر و بەپێچەوانەشەوە لە زمانانی تر بۆ زمانی کوردی، یان هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بخرێتە ناو ئەو پرۆگرام و ماڵپەڕە جیهانیانەی وەرگێڕان، پێویستیی بە کەسێک، یان چەند کەسێک هەیە، پسپۆڕییان لە بواری زمانی کوردی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا شارەزاییان لە بواری کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانەوە هەبێ، بۆ ئەوەی کارێکی سەرکەوتو لەم بوارە ئەنجامبدەن.

**2-1 زمانەوانیی کارەکی و لقەکانی:**

بە شێوەیەکی گشتی هەر زانستێک بریتیە لەو بابەتەی توێژینەوە لە کەرەسەکانی خۆی دەکا. لە سەرەتادا زمانەوانیش بریتی بو لەو زانستەی توێژینەوەی لە کەرەسەکانی زمان (دەنگ و واتا و دەستور)ی دەکرد. بەم پێیە دەنگەکانی زمانی تاوتوێکرد و دەریخست هەر زمانێک چەند دەنگی هەیە، چەندیان بزوێن و چەندیان نەبزوێن و چەندیان کپ و چەندیان گڕن، دواتر بڕگە و دەنگە کەرتی و ناکەرتیەکانی دەستنیشانکرد، ئەمەش لقێکی زمانەوانی هێنا ئارا و ناونرا دەنگسازی کە ئاستێکی بێ واتا و ڕۆنێنراوە.

دواتر لە لێکدانی دەنگەکان، یەکەی مەزنتر و واتادار هاتە ئارا و ناونران ئامراز و وشە، تاوتوێکردنەکان وشەکانیشیان پۆلینکرد بۆ، سادە و دارێژراو و لێکدراو، ئینجا دابەشکران بەسەر بەشەکانی ئاخاوتن و لە کۆتاییدا بچوکترین دانەی واتاداریش دەستنیشانکرا و ناونرا مۆرفیم و مۆرفیمەکانیش پۆلینکران بۆ بەند و سەربەخۆ و .....هتد، ئەم تاوتوێکردنەش لقێکی تری زمانەوانیی دروستکرد کە ناونرا وشەسازی کە ئاستێکی واتادار و ڕۆنێنراوە.

لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵبونی وشەکان و ئامرازەکان، یەکەیەکی مەزنتر هاتە ئارا کە ڕستەیە و پۆلینکردن و دەرخستنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ڕستەکان، ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاوێتە دەستنیشانکران و لقی ڕستەسازیش لە زمانەوانیی هاتە ئارا، ئەم لقەش واتادار و ڕۆنێنراوە.

دوا بە دوای ئەوانە، زمانەوانان بەم لقە سەرەکیانەی زمانەوانی نەوەستان و واتایان تاوتوێکرد و واتاسازی وەکو لقێکی واتاداری نارۆنێنراو هاتە ئارا، بە هەمان شێوە پەیوەستیی واتا بە دەوروبەر، مەبەستزانیی دروستکرد و دەقناسیش بو بە لقێکی تری زمانەوانی.




لێرەدا پرسیارێک هاتە ئارا، ئایا سودی توێژینەوە و خوێندن و زانینی ئەو هەمو کەرەسانە چیە؟ ئەگەر ئێمە هەمو کەرەسەکانی زمان بناسین و پۆلینیانبکەین، چ لە بابەتەکە دەگۆڕێ؟ بۆیە لە کۆتاکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم هەوڵدرا لە ڕوی کارەکیەوە سودەکانی زمانەوانیی ڕێکبخرێن و پۆلینبکرێن، ئەوە بوە هۆی ئەوەی لقێکی نوێی زمانەوانی سەرهەڵبدا بە ناوی زمانەوانیی کارەکی، [(زمانەوانیی کارەکی) کارکردنە لەسەر ئەوەی ئێمە چ زانیارییەکمان هەیە دەربارەی: (یەکەم) چی دەربارەی زمان دەزانین؟، (دوەم) چۆن زمان فێردەکرێ؟، (سێیەم) چۆن بەکاردێ؟، بۆ ئەوەی چەند مەبەستێك بهێنینەدی، یان هەندێ گرفتی لە جیهانی ڕاستەقینەدا پێ چارەسەر بکەین](Norbert.2002. p1). ئەگەرچی بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبن، بەڵام بە پێی کارنامەی کۆنگرەی (کۆمەڵەی ئەمریکیی زمانەوانیی کارەکی -AAAL) لە ساڵی 2002، بوارەکانی زمانەوانیی کارەکییان لە لیستێکی 18 ناونیشانی خستەڕو، کە ئەمانە بون:

- زمان و وەرگرتنی(Language and acquisition).
- زمان و خەملاندن(Language and assessment).
- زمان و مێشک(Language and brain).
- زمان و درککردن(Language and cognition).
- زمان و کەلتور(Language and culture).
- زمان و بیروباوەڕ (Language and ideology).
- زمان و فێرکاری(Language and instruction).
- زمان و کارلێککردن(Language and interaction).
- زمان و میدیا(Language and media).
- زمان و ڕامیاری(Language and policy).
- زمان و خوێندنەوە(Language and reading).
- زمان و شێوازی توێژینەوە(Language and research methodology).
- زمان و کۆمەڵگە(Language and society).
- زمان و ئاخاوتن(Language and speaking).
- زمان و تەکنۆلۆجیا(Language and technology).
- زمان و وەرگێڕان/ناوگێڕ(Language and translation/interpretation).
- زمان و نوسین(Language and writing).

لە کۆتاییدا دەتوانرێ، ئەنجامەکە بەم شێوەیە بناسێنرێ:

**یەکەم ــ زمانەوانیی گشتی:** هەرچەندە بەوە ناسێنراوە کە زمانەوانیی هەمو زمانەکانە، بەڵام لە هەمو زمانەکانیشدا زمانەوانیی گشتی، پێکهاتوە لە زمانەوانیی بیردۆزەیی و زمانەوانیی کارەکی.

**دوەم ــ زمانەوانیی بیردۆزەیی:** ئەو لقەی زمانەوانیی گشتیە کە لە کەرەسە بنچینەییە پێکهێنەرەکانی زمان (دەنگ، واتا و دەستورەکانیان) دەکۆڵێتەوە. بەم پێیە، سێ لقی سەرەکیی دەگرێتەوە کە دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازین کە بە ئاستە سەرەکیەکانی زمانەوانیش ناونراون. تایبەتمەندیی ئەو سێ لقە لەوەدایە، ڕۆنانی تایبەتیی خۆیان هەیە و تا ڕادەیەک یەکەی پێوان و قاڵبی دەستورییان هەیە، لایەنی ڕوخسار بەسەریاندا زاڵە. هەروەها سێ ئاستی لاوەکیش دەگرێتەوە کە واتاسازی، مەبەستزانی و دەقناسین. ئەو سێ لقە لە ڕوی ڕۆنان و یەکەی پێوان و قاڵبی دەستوری ئازادترن و کەمتر پابەندی دەستورێکی دیارکراون و پتر پشت بە لایەنی واتایی دەگرن و لایەنی ناوەڕۆک بەسەریاندا زاڵە.

بە تێپەڕبونی کات و فراوانبونی خەرمانی زانستی ئاڵوگۆڕ بەسەر هەمو زانستەکاندا دێ، بۆ نمونە، دەنگسازی (Phonetics) لقێکی تری دەستنیشانکرا، بە ناوی دەنگناسی (Phonology)، بەو پێیەی دەنگسازی گشتیە و دەنگناسی تایبەتە بە زمانێکی دیارکراو.

**سێیەم ــ زمانەوانیی کارەکی:** ئەو لقەی زمانەوانیی گشتی دەگرێتەوە کە زمانەوانیی بیردۆزەیی بەکاردێنی بۆ بەرژەوەندی و سودگەیاندن بە خودی زمان و زانستەکانی تر.




واتە؛ ئەنجامی ئەو داتا و زانیاریانەی لە زمانەوانیی بیردۆزەیی وەدەستهاتون، دەبن بە کەرەسە و ئامرازی سودگەیاندن و ڕاژەکردنی خودی زمانەکان و یەکە یەکەی زانستەکانی تر. لەسەر ئەم بنچینەیە، زمانەوانیی کارەکی دەبێتە دو لق:

لقێکی سەرەکی ــ کە لە بازنەی زمانەوانیدا، بەبێ پشتبەستنی ڕاستەوخۆ بە زانستەکانی تر، ڕاژەی خودی زمانەکان دەکا. وەک: فەرهەنگناسی Lexicography، شیکردنەوەی وتار Discourse analysis، وەرگێڕان Translation، شیکردنەوەی وتار Discourse analysis، مێژوی زمان Language history، زارناسی Dialectology، ململانێی زمانەکان Language conflict، خێزانە زمانیەکان Language families، شێوازناسی Stylistic،.....هتد.

لقێکی لاوەکی ــ کە لەگەڵ زانستەکانی تر تێکەڵ دەبێ و سود و بەرژەوەندییان ئاڵوگۆڕ دەبێ.

**زمانەوانیی و زانستەکان**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| زمانەوانی | + | دەرونزانی | ↔ | زمانەوانیی دەرونی | Psycho-linguistics |
| زمانەوانی | + | کۆمەڵناسی | ↔ | کــۆزمــانــەوانـیـی | Socio-linguistics |
| زمانەوانی | + | جوگرافیا | ↔ | زمانەوانیی جوگرافی | Geo-linguistics |
| زمانەوانی | + | مـــێـــژو | ↔ | زمانەوانیی مێژویی | Diachronic-linguistics |
| زمانەوانی | + | مرۆڤناسی | ↔ | زمانەوانیی مرۆیی | Anthropo-linguistics |
| زمانەوانی | + | دەمارناسی | ↔ | زمانەوانیی دەماری | Neuro-linguistics |
| زمانەوانی | + | وێـــــژە | ↔ | زمانەوانیی شێوازی | Stylistic-linguistics |
| زمانەوانی | + | فەلسەفە | ↔ | زمانەوانیی فەلسەفی | Philosophical-linguistics |
| زمانەوانی | + | زیندەوەرزانی | ↔ | زمانەوانیی زیندەوەری | Bio-linguistics |
| زمانەوانی | + | کۆمپیوتەرزانی | ↔ | زمانەوانیی کۆمپیوتەری | Computational-linguistics |
| زمانەوانی | + | ماتماتیك | ↔ | زمانەوانیی ماتماتیکی | Mathematical-linguistics |
| زمانەوانی | + | ڕەگەزناسی | ↔ | زمانەوانیی ڕەگەزی | Ethno-linguistics |

**3-1 پێگەی وەرگێڕانی ئامێری لە زمانەوانیی کارەکیدا:**

**١ــ وەرگێڕانی ئاسایی:**

وەک لە تەوەرەی دوەم ئاماژەمان پێکرد، وەرگێڕان بابەتێکە دەکەوێتە لیستی بابەتەکانی لقی سەرەکیی زمانەوانیی کارەکی. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوکەش سەرنجبدەینە وەرگێڕان، دەبینین بابەتێکی سادە و ساکار و ئاسانە، بەوەی کە دەوترێ، (وەرگێڕان بریتیە لە بەرامبەر یەکتر دانانی کەرەسەکان (وشە، ڕستە....)ی دو زمان، یان پتر)، یان (گۆڕینی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)، بە پێی ئەوەی ناوەرۆکی چەمکەکان، هەمان ناوەرۆکە و ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێ، ڕوخسارەکەیە، واتە؛ زنجیرە دەنگەکان هەڵگری واتاکانن. بۆ نمونە:




بەڵام کاتێک دێینە سەر کەتواری ئەنجامدان، کارەکە زۆر لەوە سەخت و ئاڵۆزترە، دەتوانرێ ئاریشەکانی وەرگێڕان لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو:

١ــ ئاریشەکانی دەنگسازی کە خۆیان لە گرفتەکانی ڕێنوس دەبیننەوە. وەک:

ــ ڕێکنەکەوتن لەسەر چۆنیەتیی نوسینی هێماکانی خاڵبەندی.

ــ گرفتی نوسینی یەک (و) و دو (و) کە هیچ کەڵە نوسەرێکی کورد نیە، بەبێ ناوێزە، لە ڕاستنوسینی سیستەمی دو (و) هەڵەی نەکردبێ، چ جای ئامێرێک کە پێویستیی بە پێوەرێکی جێگیرە.

ــ گرفتی بون و هەژمارکردنی هەمزە (ئـ) و بزرۆکە (i) وەکو فۆنیم و دەستنیشانکردنی پیت بۆیان، کە وەکو دەنگ لە هەمو زمانە هیندۆڕوپییەکان هەن، بەڵام پێناسە و مەرجەکانی فۆنیمیان بەسەردا ناسەپێ و نابێ، هێمای پیتیان هەبێ.

ـــ گرفتی یەک (یـ) و دو (ییـ) لە پێش بزوێنی (ــە)، واتە؛ (یە) و (ییە) کە بە پێی سیستەمی بڕگەسازیی کوردی، هەردوکیان ڕاستن، بەڵام کامەیان پەسەندترە؟

ـــ نوسینی (ی) خستنەسەر لە نێوان دو ئەندامی گروپی ناوی، کاتێک ناوی یەکەم لە پێکهاتەیدا کۆتایی بە یەک (ی)، یان دو (یی) هاتبێ.

٢ـــ ئاریشەکانی وشەسازی کە خۆیان لە گرفتەکانی وشە نوسین دەبیننەوە. وەک:

ـــ ئایا وشە لێکدراوەکان بەیەکەوە، وەکو یەک وشە بنوسرێن؟ یان بە پەرتی؟ ئایا بە هاتنی ڕاناوێک لە نێوانیان کەرت دەبن؟

ـــ ئایا ئامرازەکانی پەیوەندی (لە، بە،...) بە تەنیا، یان لەگەڵ وشەی دوای خۆیان دەنوسرێن؟

ـــ گرفتی نەبونی چەندین وشەی کوتومت بەرامبەر یەک لە نێوان زمانەکاندا، بەتایبەتی زاراوە زاستی و پسپۆری و تایبەتمەندەکان.

٣ـــ ئاریشەکانی ڕستەسازی کە خۆیان لە گرفتەکانی ڕستە نوسین دەبیننەوە. وەک:

ـــ جیاوازیی لە ڕیزبەندیی کەرەسەکانی ڕستە، لە نێوان کوردی و زمانەکانی تر. وەک:

- **لە زمانی کوردیدا: {ئازاد سێوەکە دەخوا.} (بکەر + بەرکار + کار) سیستەمی (SOV).**
- **لە زمانی عەرەبیدا: {أكل آزاد التفاحه.} (کار + بکەر + بەرکار) سیستەمی (VSO).**
- **لە زمانی ئینگلیزیدا: {He eats the apple.} (بکەر + کار + بەرکار) سیستەمی (SVO).**

ـــ گرفتی جیاوازیی ژمارە و جۆری دەمکاتەکان لە نێوان کوردی و زمانەکانی تر.

ـــ گرفتی هاویەک نەبونی چەندین دەستەواژە و ڕستەی کەلتوری و پەند لە نێوان زمانەکاندا.

ـــ وەرگێڕانی دەقی شیعری کارێکی گرانترە لە دەقی ئاسایی، چونکە بەهای تەکنیکیی کێش و سەروا و ئەفسونی جوانیەکەی لەدەستدەدا.

سەرباری ئەو گرفتانەی سەرەوە، کۆمەڵێک ئاریشەی واتاسازی و مەبەستزانی ڕوبەڕوی وەرگێڕ دەبنەوە بە هۆی جیاوازیی بارودۆخ و دەوروبەر و کەلتور و چەمکەکان.

تاکو ئێرە وەرگێڕان وەکو لقێکی سەرەکیی زمانەوانیی کارەکی کاردەکا و وەرگێڕ ڕۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێ. مەرجەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوش ئەوەنە: دەبێ، هەردو زمانەکە زۆر بە باشی بزانێ و شارەزای وردەکاریی زمانەوانیی هەردو زمانەکە بێ، هەروەها شارەزاییەکی باشی بارودۆخ و کەلتوری هەردو کۆمەڵگەکە بێ و وردەکاریی دابونەریتی هەردو کۆمەڵگەکە، بەتایبەتی زمانی یەکەم بێ. دواتر شارەزایی باشی دەربارەی دەقەکە و کات و شوێنی دەقەکە هەبێ.

**٢ـــ وەرگێڕانی ئامێری:**

پێگەی وەرگێڕانی ئامێری لە زمانەوانیی کارەکیدا دەگۆڕێ. بەپێی ئەوەی وەرگێڕان تێکەڵیی زانستێکی تر دەبێ کە زانستی کۆمپیوتەر (کۆمپیوتەرزانی)ــە، پێگەکەی لە لقە سەرەکیەکانی زمانەوانیی کارەکی دەگوازرێتەوە بۆ لقە لاوەکیەکانی زمانەوانیی کارەکی.

تێکەڵبونی هەردو زانستی (زمانەوانی) و (کۆمپیوتەرزانی) لقێکی تازەی زمانەوانیی دروستدەکەن، کە پێیدەوترێ: زمانەوانیی کۆمپیوتەری (Computational linguistics) کە لە بنەڕەتدا پشتدەبەستێ بەو داتا و زانیاریە زمانەوانیەی لە مێشکی ئامێرەکە تۆماردەکرێن و بەرنامەڕێژ دەکرێن. زمانەوانیی کۆمپیوتەری کۆمەڵێک لقی بەرنامەسازیی کۆمپیوتەری لێدەبێتەوە کە وابەستەی یەکترن و بە هەماهەنگی کاردەکەن:

ـــ دەنگسازیی کۆمپیوتەری، بایەخ بە پێوانی شەپۆڵە دەنگی فۆنیمەکان، ناسینەوەی دەنگی کەسەکان، داڕشتنی پیتەکانی هەر زمانێک و شێوەکانیان و چۆنیەتیی ڕیزکردنیان دەدا. ئەم لقە کۆمەڵێک ئاسانکاریی دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەر، بە گۆڕینی شێوە، قەبارە، ڕەنگ، کاڵی و تاریکیی و ......هتد پیتەکان.

ـــ وشەسازیی کۆمپیوتەری، ئەرکی ئەو لقە، نوسینەوەی تێکڕای وشەکانی هەر زمانێکە و بەرپرسە لە هەڵەچنی وشەکان و هێڵێ سور بە ژێر وشە و زاراوە هەڵە نوسراوەکاندا دەهێنێ و پێشنیاری بژاردە ڕاستەکان و گونجاوەکان دەکا. سەرباری ئەوەش بەشداریدەکا لە فەرهەنگسازیی ئەلیکترۆنی و ڕێزکردنیان بەپێی ئەلفوبێی هەر زمانێک.

ــ ڕستەسازیی کۆمپیوتەری، ئەم لقەی زمانەوانیی کۆمپیوتەری خۆی لە نوسینەوەی ڕستەکان و سڕینەوە و کۆپیکردن و گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، تەنانەت لە زمانە پێشکەوتو و ڕاژەکراوەکاندا، دەرخستنی گونجاوی و هەڵەچنیی ڕستەکانیش ئەنجامدەدا. گرفتی ئەو لقە لە ڕەچاوەنەکردنی گونجانی واتایی ڕستەکانە، چونکە تا ئێستا پێشکەوتنی بەرنامەکان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەی بە هەمو کەلێنەکانی واتاسازی و مەبەستزانی (Pragmatics) ببا.




زمانەوانیی کۆمپیوتەری لقێکی تری لاوەکیشی هەیە، (ئاسانکاریی ڕێکخستن) کە تایبەتە بە تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر و ئاسانکاریەکانی لە نوسین، گواستنەوە، پاراستن، چاپکردن، خستنەسەری وێنە و هێڵکاری و ئامرازەکانی فێرکاری و ......هتد.

### 4-1 چەمك و پێناسەی وەرگێڕان:

چەمکی وەرگێڕان:

وشەی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا بەرامبەر وشەی(Translation)ی ئینگلیزی و (ترجمة)ی عەرەبی بەکاردێ کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (تەرجوم)ی ئارامیەوە وەرگیراوە. وەرگێڕان لە زمانەوانیدا بە واتای لێکدانەوە و گۆڕین لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی دی دێ.

زمانەوان و تایبەتمەندان هەریەکە بە جۆرێک پێناسەی وەرگێڕانیان کردوە، لەوانە:-

١ــ نیومارک (Newmark) دەڵێ: (وەرگێڕان شارەزایی و لێزانین و هەوڵدانە بۆ لێکدانەوە و گواستنەوەی پەیامێک یان نوسراوێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)(پەروین، 2008، ل4).

٢ــ سەفا خەڵوسی دەڵێ: (وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیەنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێردراوەکە هەست بە ڕونی دەقەکە بکات، هەروەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێدەکات)(هەمان سەرچاوە).

٣ــ جەمال نەبەز دەڵێ: (وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە هونەریکە بۆخۆی، هیچ کەمترنیە لە چیرۆکنوسین و شیعرگوتن و ڕەخنەگرتن. کەواتە، ئەوەی پارچە نوسینێک وەردەگێڕێ، دەبێ دەستێکی باڵای هەبێ لە هونەری وەرگێڕاندا، ئەگینا لەکارەکەیدا سەرکەوتونابێ)(جەمال نەبەز، 2008، ل 8).

٤ــ دیاکۆ هاشمی دەڵێ: (وەرگێڕان، واتە؛ وەرگەڕاندنی دەقێک یان وتەیەک لە زمانی دەستپێکەوە بۆ زمانی مەبەست بە جۆرێ کە کاریگەریی زمانی یەکەم لە خوێنەر یا بیسەری زمانی یەکەم بگوێزێتەوە بۆ خوێنەر یان بیسەری زمانی مەبەست.

لە ڕاستیدا وەرگێڕان دەبێ بەبێ بچوکترین خستنەسەر یان لابردنێک بێت، بەڵام ئەوە تەنیا لایەنی هزریە، چونکو پێکهاتەی زمانەکان پێکەوە جیاوازییان هەیە و وەرگێڕ ناچار دەبێ دەستکاری بکا لە وەرگێڕانەکاندا)(دیاکۆ هاشمی، ل1).

5- کاتفۆرد دەڵێ: (وەرگێڕان بریتیە لە جێنشینکردنی کەرەستەی دەقێک لە زمانێک بە هەمان کەرەستەی دەقێکی زمانیکی تر)(پەروەر عبدالرحمان صالح، 2013، ل57)

٦ــ ڕۆمان جاکۆبسۆن دەڵێ: گۆڕینەوەی نیشانە زمانیەکانی زمانێک بە نیشانە زمانیەکانی زمانێکی تر، وەرگێڕانێکی باو ئاساییە(Jakobson. 1960. P232).

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی گشت پێناسەکاندا، ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ وەرگێڕان پەسەند بکەین:

وەرگێڕان، بریتیە: لە گواستنەوەی واتای دەق لە زمانێکەوە[1] بۆ زمانێکی تر، لەگەڵ ڕەچاوکردنی وردەکاریەکان، ئەمەش پێویست بەوە دەکا، وەرگێڕ بەتەواوی لە دەقە سەرەکیەکە تێبگا و بتوانێ ناوەڕۆک و شێوازی دەقەکە بگۆڕێتە سەر زمانی دوەم. بۆیە پێویستە، وەرگێڕ هەردو زمانەکە بە باشی بزانێ و شارەزاییێکی تەواوی هەبێ لە تایبەتمەندی و بواری دەقەکە.

### 5-1 جۆرەکانی وەرگێڕان:

بە شێوەیەکی گشتی دو جۆر وەرگێڕان هەن، ئاسایی و ئامێری:

یەکەم: وەرگێڕانی مرۆیی (ئاسایی):

١ــ وەرگێڕانی مرۆیی یان ئاسایی: ئەو جۆرە وەرگێڕانەیە کە خودی مرۆڤ ئەنجامی دەدا، بەبێ بەکارهێنانی ئامێر، ئەویش بە شێوەی وەرگێڕانی زارەکی یان نوسین. پێش پەیدابونی ئامێری کۆمپیوتەر، ئەم وەرگێڕانە بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان دو زمانی جیاواز بەکاردەهات. لە دێرزەمانەوە سەرباری لە یەکتر تێگەیشتن، بایەخێکی تەواو بە وەرگێڕان دراوە بۆ سودوەرگرتن لە دەقە ئاینیەکان و دەقە فەلسەفی و زانستیەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و زانیاریە پیشەیی کارامەییەکان. وەرگێڕان ڕۆلی گرنگی بینیوە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و فەرمانڕەواکان.

بە شێوەیەکی گشتی دو شێوەی وەرگێڕانی ئاسایی هەن، زارەکی و نوسراو:

**یەکەم ــ وەرگێڕانی زارەکی (Oral Translation):**

وەرگێڕانی زارەکی لە زمانی ئینگلیزیدا (Interpretation)، یان (Oral Translation)ی بۆ بەکاردەهێندرێ و لە زمانی عەرەبیشدا (الترجمة الشفهية) یان (الترجمة الفورية)یشی پێ دەگوترێ، کە بریتیە لە وەرگێڕانی دەقێکی وتراو لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دوەم، بە جۆرێک واتا و کاریگەریی ئەم دەقە وتراوە لە قسەکەری زمانی یەکەمەوە بگوازێتەوە بۆ گوێگری زمانی دوەم.

هەر لە کۆنەوە سود لەم جۆرەی وەرگێڕان بینراوە و بەکارهاتوە، تەنانەت لە کاتی ئێستاشدا بۆ گەلێک مەبەست بەکاردێ، وەك کاتی ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و کۆڕ و کۆبونەوە جیهانیی و نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەردانی سەرۆک و بەرپرسانی بیانی و ...تد سود لەو وەرگێڕانە زارەکیە دەبینرێ.

بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕانی زارەکیی دابەشی سەر چەند جۆرێک کراوە، وەك:

**١ــ وەرگێڕانی هاوکات (Simultaneous):**

لە عەرەبی (الترجمة الفورية)ی بۆ بەکاردەهێندرێ و مەبەست لە وەرگێڕانی هاوکات ئەوەیە کە وەرگێڕ ڕاستەوخۆ، هاوکات لەگەڵ قسەکەری زمانی یەکەم، دەقێکی وتراو وەربگێڕێتە سەر زمانی دوەم، بە مەرجێک بتوانێ، وردەکاریی مەبەست و کاریگەریی دەقە وتراوەکە لە زمانی سەرچاوەوە بگوازێتەوە بۆ سەر زمانی دوەم. ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لە کۆنگرە و کۆبونەوە فەرمیەکان بەکاردەهێندرێ. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا بێ ئەوەی قسەکەرەکە لە ئاخاوتن بوەستێ، وەرگێڕەکە بەردەوام وتەکانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی دوەم.

**٢ــ وەرگێڕانی ناهاوکات (دوابەدوایی)(Consecutive):**

لە زمانی عەرەبیدا پێیی دەگوترێ (الترجمة التتبعية) و لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ گوێ لە قسەکەری زمانی یەکەم دەگرێ و چاوەڕێی قەسەکەر دەکا، تا دەوەستێ، دوای ئەو دەست بە وەرگێڕانی ئەو بەشەی قسەی قسەکەر دەکا کە گوێی لێبوە، دواتر دەوەستێت تا دوبارە قسەکەر بەشێکی تری قسەکەی تەواو دەکا و بەم شێوەیە وەرگێڕ ناوە ناوە دەوەستێ و دواتر قسەکەر دەوەستێ، تا وەرگێڕ ئەو بەشەی قسەکەی وەردەگێڕێتە سەر زمانی دوەم، بەم شێوەیە تا هەمو قسەکانی قسەکەری زمانی یەکەم وەردەگێڕرێنە سەر زمانی دوەم.

**دوەم ــ وەرگێڕانی نوسراو (Written Translation):**

ئەم وەرگێڕانە لە دەقی نوسراوی زمانێک وەردەگیرێ و هەر بە نوسین ئەنجامدەدرێ و وەردەگێڕرێتە سەر زمانی دوەم. هەندێک لە توێژەران بە ئاسانترین جۆری وەرگێڕانی دادەنێن کە تایبەت نیە، یا پابەند نیە بە کاتێکی دیارکراو، لە هەمان کاتدا، بە وەرگێڕانێکی گرانی دادەنێن، چونکە وەرگێڕ دەبێ تەواو پابەند بێ، بە هەمان ئەو شێوازەی کە دەقە سەرچاوەکەی پێ نوسراوە(پەروەر، 2013، ل58).

1 زمانی یەکەم، واتە؛ زمانی لێ وەرگێڕدراو، زمانی دەسپێکیشی پێ دەوترێ. زمانی دوەم، واتە؛ زمانی بۆ وەرگێڕدراو، زمانی مەبەستیشی پێ دەوترێ.

کەواتە؛ ئەم جۆرە وەرگێڕانە تەنیا بە تاکە کەسێکیش دەکرێ و پێویستیی بە کۆمەڵێ کەس نیە کە لای بن، تاوەکو وەرگێڕانەکە ئەنجامبدا، چونکە ئەم وەرگێڕانە بە شێوەی نوسراوە لەسەر کاغەز، یان هەر شتێکی تر بێ، دەتوانرێ بنوسرێ بۆ ئەوەی کەسی خوێندەوار بتوانێ لێی سودمەند بێ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە تەنیا بۆ خوێندەوارە، چونکە خوێندەوار توانای خوێندنەوەی هەیە، ئەم وەرگێڕانە دەتوانرێ، بە شێوەی نوسراوی هەڵبگیرێ و بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

وەرگێڕانی نوسراو لەو چوار جۆرەی خوارەوە پێکهاتوە:

١ـ وەرگێڕانی وشە بە وشە: وەرگێڕانی وشە بە وشە ئەوەیە، وشە بە وشەی زمانێک وەرگێڕینە سەر زمانێکی تر، بێ ئەوەی گوێبدەینە سروشتی تایبەتی ئەو دو زمانە جیاوازە، لەم بارەدا وەرگێڕ ناچار دەبێ، خۆی ببەستێ بە ڕیزبەندیی وشەکانەوە و دانە بە دانە، زمانە (سەرچاوەکە) وەربگێڕێتە سەر زمانی دوەم.

جیاوازیی پێوەربەندیی وشەسازی (Morphological Systematic) و پێوەربەندیی ڕستەسازیی (Syntaxial Systematic) نێوان هەردو زمانەکە دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگێڕانەکە ناڕون و پچڕ پچڕ دەربچێ، ئەمەش یەکێکە لە ماکە خراپەکانی ئەم چەشنە وەرگێڕانە، چونکە بە پێوەربەندیی وشەسازیی هەر زمانەی وشەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ کەرەسە و چەمکەکان، مەرج نیە، کوتومت هاوتا و بەرامبەری زمانەکەی تر بن، هەروەها بە پێی پێوەربەندیی ڕستەسازی، ڕیزکردنی کەرەسەکان لە زمانێک بۆ زمانێک جیاوازیی هەیە، سەرباری ئەمەش شێوازی دەربڕین و گەیاندنی کەلتوریی هەر نەتەوەیەک جیاوازە. ئەمانە هەموی وایانکردوە، ئەم وەرگێڕانە بۆ هەندێ مەبەستی تایبەت نەبێ، پەسەند نەکرێ و بەکارنەهێنرێ. هەر لەبەر ئەمەشە لە وەرگێڕانی ئەدەبە زیندوەکانی بێگانەدا پێڕەوی ئەم جۆرە وەرگێڕانە ناکرێ، بەڵام لە گۆڕینی (دەقی یاسا بنچینەییەکان) و بازرگانی و دەقی ئایینیدا، وەک: (( قورئان و ئینجیل)) بەکاردەهێنرێ (رەفیق، 1958، ل7). بۆ نمونە، لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا، بۆ هەر وشەیەکی زمانی دەستپێک، وشەیەک لە زمانی مەبەست دەهێنرێتەوە، ئەم قۆناغە بۆ وەرگێڕانی گەلێک وشەی لێکدراو و نیمچە وشە بەکاردەهێنرێ کە هاوتاکەی لە زمانی مەبەستدا نیە، وەک: (قوڵە پێکهاتە ← deep Structure)، (ڕوە پێکهاتە ← Surface Structure).

لەو نمونانەدا دەبینین کە وەرگێڕانی وشە بە وشە گونجاوە و لەبارە، بەڵام لە ڕستەیەکی وەک: ( He gave me a book to read) ئەگەر وشە بە وشە وەریبگێڕین، دەبێ بنوسین (ئەو دای من کتێبێک بۆ خوێندنەوە)، دیارە ئەمە داسەپاندنی ڕیزبونی وشە بە وشەی زمانی دەستپێکە، بەسەر زمانی مەبەست کە (کوردیە)، چونکە لە زمانی کوردیدا، پێوەربەندیی ڕیزکردنی وشەکان بەم شێوەیە: (ئەو بۆ خوێندنەوە، کتێبێکی بە من دا)، یان (ئەو کتێبێکی بۆ خوێندنەوە، بە من دا). لە ڕاستیدا وەرگێڕانی وشە بە وشە، لە زۆربەی کاتدا وەرگێڕانێکی سرکە[2]، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی واتای دەقی سەرچاوەکە، لەبەرئەوەی ئەم دەقە، یا پارچە نوسینە کە وەردەگێڕدرێ سەرباری ئەوەی وشەکانی هەردو زمانەکە جیاوازن، سیستەمی ڕیزکردنیشیان جیاوازن. نابێ، ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ هەمو دەقێک بکرێ، چونکە هەندێ جار دەبێتە هۆی کێشە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی وەرگێڕانی وشە بە وشە ئەوەیە، تەرازوی وەرگێڕانەکە بە لای وشەکەدا دەچێ و هاوسەنگیی ڕیزبەندیی ڕستەیی تێکدەدا. بۆ نمونە، ئەگەر (أكتب الرسالة) بنوسین (دەنوسم نامەکە)، ئەوە شێوەی ڕێزبونی زمانی عەرەبیمان بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندوە، چونکە لە کوردیدا دەوترێ (نامەکە دەنوسم). بۆیە دەبێ وەرگێڕ وریا بێ کە چ جۆرە وەرگێڕانێک هەڵدەبژێرێ.

٢ـ وەرگێڕانی ڕستەیی: یەکەی وەرگێڕان لەم قۆناغەدا ڕستەیە، لەم وەرگێڕانەدا ڕێزمان و شێوەی ڕیزبونی وشەی زمانی دوەم (بۆ وەرگێڕدراو)، لەبەرچاوبگیرێ و چەمک و مەبەستی ڕستەی بەرامبەر بەگوێرەی چەمک و مەبەستی ڕستەی زمانی یەکەم (لێ وەرگێڕدراو) ڕەچاوبکرێ. بەم جۆرە، واتای ڕستەکانی دەقی زمانی یەکەم، دانە بە دانەی وشەکان وەردەگێڕێردرێتە سەر زمانی دوەم، بە ڕەچاوکردنی پەیرەوبەندیی ڕستەسازیی زمانی بۆ وەرگێڕدراو(دیاکۆ، ل2).

٢ـ وەرگێڕانی ئازاد یان سەربەست: لەم جۆرەدا، یەکەی وەرگێڕان چەردەیەک (paragraph) یان بەندێکە لە دەق. واتە؛ وەرگێڕانەکە چەردە چەردە، یان بەند بەند لە دەقی بەردەست وەردەگیرێ و وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی دوەم (بۆ وەرگێڕدراو). هەر کۆمەڵە ڕستەیەکی دەقی زمانی یەکەم، بە پێی وابەستەیی واتای وەردەگیرێن و وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی دوەم (بۆ وەرگێڕدراو). ئەم جۆرە وەرگێڕانە، باوترین و پەسەندترین جۆری وەرگێڕانە.

٣ـ وەرگێڕانی واتایی: یەکێکە لە ڕێبازەکانی وەرگێڕان لەبەر تیشکی ئەو ڕاستیە زمانیەدا کە دەڵێ: کرۆکی واتایی لە سەرجەم نەتەوەکان هاویەکە، بەڵام زمانی هەر نەتەوەیەک لە ڕوی وشەسازی و ڕستەسازیی و داڕشتنی گشتیەوە لە زمانی نەتەوەیەکی تر جیاوازە. بۆمان ڕوندەبێتەوە کە وەرگێڕ مەرج نیە، خۆی ببەستێ بە زمانی دەقە لێ وەرگێڕدراوەکە، بەڵکو لە سۆنگەی

2 سرکە واتە؛ خۆی نادا بەدەستەوە، تێگەیشتنی ئاسان نیە.

خۆبەستنەوە بەوپەڕی وردیەوە بە واتای دەقە لێ وەرگێڕدراوەکە، بۆی هەیە ڕۆنانی وەرگێڕانەکە بەگوێرەی دەستوری زمانی بۆ وەرگێڕدراو سازبکا. ئەم شێوازی وەرگێڕانە گونجاوترین جۆری وەرگێڕانە، بە مەرجێ، وردەکاریەکانی واتایی ڕوداوەکان و کات و شوێنی مەبەسنزانییان (Pragmatics) ڕەچاوبکا، هەروەها دەبێ وەرگێڕ، سیما و ماکە گشتی و تایبەتیەکانی دەقە ڕەسەنەکە وننەکا و بەرگی وردەکاریەکانی ئەندێشە و مەبەستی نوسەر لەبەر دەقەکە دانەماڵێ.

وەرگێڕانی واتایی هەر واتای وشە و ڕستەکان نانوێنێ، بەڵکو هەمو لایەنەکانی ناوەرۆکی دەقەکە لە واتا و سێبەری واتا و هەست و نەستی و دیار و شاراوە و سۆزی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و ئەندێشە و شوێنەوارەکانیان لە خاڵبەندکردنی ئاوازی دەنگی و وێنەی هونەریی گونجاو دەگرێتەخۆی(امین و کامل، 1990، ل31).

کەواتە؛ ئەم ڕێبازی وەرگێڕانە بۆ وەرگێڕ دەبێتە وەرگێڕانێکی سەرکەوتو، چونکە لەم ڕێبازەدا وەرگێڕ دەتوانێ، واتای دەقەکە بە تەواوی وەرگێڕێ بۆ خوێنەری زمانی دووەم. لێرەدا وەرگێڕ پشت بە واتای وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی دەقەکە نابەستێ، بەڵکو واتای دەقەکە وەردەگرێ و بەپێی ڕێزمانی ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێ مامەڵەی لەگەڵ دەکا. بۆیە وەرگێڕانی واتایی بە پەسەندترین و شیاوترین وەرگێڕان دادەنرێ:

ــ (I am proud and you are proud and who shall bear the ashes round?).

ــ (أنا أمير و أنت أمير، من يسوق الحمير؟).

ــ (من ئاغا و تۆ ئاغا؟ کێ جێگامان بۆ ڕاخا؟).

ــ (ئەز چیا، تو چیا، کێ ژ گۆلک ڕا هەرت گیا؟)(کەریم شارەزا. ١٩٨٣. ل٢٤).

**دوەم: وەرگێڕانی ئامێری:**

بەو جۆرە وەرگێڕانە دەگوترێ کە تیایدا ئامێری ئەلیکترۆنی لەبری مرۆڤ بۆ کردەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەکاردەهێندرێ. ئەم جۆرەی وەرگێڕان شێوە و ئامێری زیرەک (Smart screen)ی جیاجیای تێدا بەکاردەهێندرێ، لە بەشی دوەمدا، تیشك دەخەینە سەر جۆرەکانی وەرگێڕانی ئامێری.

**2- (وەرگێڕانی ئامێری)**

**1-2 ــ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە بواری زمانەوانیدا:**

کۆمپیوتەر ئامێرێکی هاوچەرخی ئەلیکترۆنیە کە لە سەرەتای پەیدابونیەوە زمانەوانان بەشدارییان لە دروستکردنی کردوە و شانبەشانی زانایانی ئەلیکترۆنی هەوڵیانداوە بە لاساییکردنەوەی مرۆڤ زمان لە ڕاژەی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنیە دابێ.

سەرەتا ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی وا دروستکرا کە چەند زمانێکی هێماکاریی تایبەتیان دروستکرد و کۆمپیوتەریان پێ بەرنامەڕێژکرد، وەك: زمانی بێیسك و کۆبۆڵ و ...هتد.

دواتر لەگەڵ داهێنانی ویندۆز لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەساڵی 1995ز، وەرچەرخانێکی گەورە لە بواری کۆمپیوتەر ڕویدا و ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی ڕەواندەوە کە دەگوترا: دەکرێ تەنیا لە بواری ژمێریاری، بیرکاری و ژماردن ...هتد، سود لە کۆمپیوتەر وەربگیرێ.

لە ڕاستیدا کاری کۆمپیوتەر داڕشتن و ڕێکخستنەوەی هەمو جۆرە سیستەمێکی هێماکاریە(مصطفی، ل167).

دواتر زاراوەیەکی نوێ بەناوی زمانەوانی کۆمپیوتەری (Computational linguistics) سەریهەڵدا کە(زانستێکی نوێیە، بە یەکێك لە لقەکانی زانستی کۆمپیوتەریی تایبەت بە زمان دەژمێردرێ)(عاطف، ل23).

دەکرێ لە دو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری کۆمپیوتەر بکرێ، یەکەمیان: وەك ئامێرێکی چاپەمەنی و دەنگ و ڕەنگ، دوەمیان: قوڵتر لەمە، وەك شوێنگرەوەی مرۆڤ، تەنانەت لە کاری زمان و شیکردنەوەی زمان و وەرگێڕان و ...هتددا.

هەماهەنگ لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و هاتنارای وردە تەکنۆلۆجیا (Nanotechnology)، لە ئامێرێکی زەبەللاحەوە قەبارەی کۆمپیوتەر بچوککرایەوە و چەندین ئامێری ئەلیکترۆنی جۆراوجۆر کە بە ئامێری زیرەك ناودەبرێن (Smart screen)ی لێکەوتەوە، وەك: لاپتۆپ، مۆبایل، ئایپاد، تابلێت،...هتد. ئەم ئامێرانە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕوی خێرایی و بەکارهێنانی جۆراوجۆرەوە، پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەر بەخۆیانەوە دەبینن. یەکێك لەو بوارانەی لەم ئامێرە زیرەکانە بەردەستە، پرۆگرام و ماڵپەڕی تایبەتن بە بواری وەرگێڕانی ئامێری.

**2-2 بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە بواری وەرگێڕاندا:**

**یەك: ناساندن و مێژوی وەرگێڕانی ئامێری:**

وەرگێڕانی ئامێری بە چەند شێوەیەک پێناسە کراوە:

١ــ وەرگێرانی ئامێری (Machine Translation): زاراوەیەکی لاساییکەرەوە و پێوەربەندە بۆ پەیڕەوە بەرپرسەکانی وەرگێڕان کە لە کۆمپیوتەردا لە زمانێکی سروشتیەوە بۆ زمانێکی تر بە بێ یارمەتی مرۆڤ بەکاردێ.

٢ــ وەرگێڕانی ئامێری: بە واتای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە، بۆ وەرگێڕانی زمانی مرۆڤ، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە بێ دەستکاریی مرۆڤ.

٣ــ وەرگێڕانی خۆکاری (Automatic Translation) یا وەرگێڕانی ئامێری: بریتیە لە هەوڵی بە ئامێرکردنی هەمو یان بەشێکی کرداری وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

٤ــ وەرگێڕانی ئامێری: بریتیە لە کاراترین لقی زمانەوانی کۆمپیوتەر کە خۆکارانە (ئۆتۆماتیکی)، لە زمانێکەوە (دەق بۆ دەق)، (گوتن بۆ گوتن) یان ( گوتن بۆ دەق) وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی تر، یا چەند زمانێکی تر. (مەریوان ئەسعەد، 2013، ل7).

کەواتە؛ مەبەست لە وەرگێڕانی ئامێری، ئەو جۆرە وەرگێڕانەیە کە لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە ئەنجامەدرێ.

وەرگێڕانی ئامێری لە ڕوی مێژوییەوە بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕیوە. بە گشتی وەرگێڕانی ئامێری لە ساڵانی پەنجاکانەوە، لە دوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە سەریهەڵدا. یەکەمین کۆنگرەی وەرگێڕانی ئامێری لە زانکۆی (جۆرج تاون لە ساڵی 1952ز ئەنجامدرا، دواتر لە ساڵی 1954 زانکۆی جۆرج تاون لەگەڵ کۆمپانیای (IBM)دا ئەزمونی وەرگێڕانی ئامێری بۆ زیاتر لە (250) ڕستەی ڕوسی بۆ زمانی ئینگلیزی بە سەرکەوتویی تاقیکردەوە. ئەم ئەزمونەش یارمەتیدەرێکی باش بو بۆ خەرجکردنی سەرمایە لەلایەن نوێنەرەکانی حکومەتی ئەمەریکاوە بە پێی ئەم گرێبەستانە.

سەرمایەکی گەورە لەلایەن دەزگای زانستیی نیشتمانیەوە بۆ لێکۆڵینەوەی وەرگێڕانی ئامێری بە بڕی ($6.585.227) دابینکرا، هەروەها لەلایەن ئاژانسی ناوەندیی سیخوری بڕی ($1.314.869)، لەلایەن وەزارەتی بەرگریشەوە بڕی ($11.906.600) تەرخانکرا. ئاشکرایە، هۆکاری ئەو هەمو بڕە پارانەی لەلایەن سەرچاوە سەربازی و سیخوڕیەکانی ئەمریکاوە خەرجدەکرا، دەگەڕایەوە بۆ ئەو جەنگە ساردەی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا بو کە لە دوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە.

لە ساڵی 1959ز یەکێك لە زاناکان بەناوی بار ــ هیڵێل (Bar Hillel) دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، دواتر ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخی وەرگێڕانی ئامێری لە وڵاتە یەکگرتوەکان و بەڕیتانیای مەزن بڵاوکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا (بار) بە قوڵی قسەی لەسەر وەرگێڕانی ئامێری کردبو، هەروەها ڕەخنەی لەو بیردۆزە و ئامانجانە گرتبو، کە لێکۆڵەرەکان لەو سەردەمەدا هەڵیانگرتبو. ئەوەشی ڕونکردبوەوە کە وەرگێڕی خۆکاریی تەواو (Fully Automatic) و جۆری بێخەوش، شتێکی ئەستەمە لە ئێستا و داهاتودا. ڕاپۆرتەکەی بار، بوە هۆی دروستکردنی گومان، لە بابەتی وەرگێڕانی ئامێری، بەتایبەت لەلایەن لێکۆڵەرانی ئەو بوارە، چونکە ئەم ڕاپۆرتە، سەلمێنەری ئەوە بو کە وەرگێڕانی نایاب بە هۆی ئامێرەوە ناکرێ.

لە ساڵی (1964ز)دا حکومەتی ئەمەریکا، لیژنەیەکی بۆ داهاتوی وەرگێڕانی ئامێری بە ناوی ئەلپاکەوە (ALPAC) دامەزراند. ڕاپۆرتەکانی ئەلپاك لە ساڵی (1966ز)دا زۆر نەرێیی بون، ئەمەش بوە هۆی فەرامۆشکردنی پرۆژەکانی پێشکەوتنی وەرگێڕانی ئامێری بۆ ماوەی (10) ساڵ، چونکە ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی دەرخست کە وەرگێڕانی مرۆڤ خێراتر و وردتر و هەرزانتریشە لە وەرگێڕانی ئامێریدا.

لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتاکاندا، دوای دۆزینەوەیەکی تازە لە بواری زانستی کۆمپیوتەری و خستنەڕوی بیر و بۆچونگەلی نوێ لە بواری زمانناسیدا (ڕێزمانی بەرهەم هێنان و گواستنەوەی چۆمسکی)، جارێکی دیکە، پرۆژەی وەرگێڕانی ئامێری کەوتە ناو خانەی کاری لێکۆڵەران و زانایانی جیهانەوە.

کاری وەرگێڕانی ئامێری لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەتایبەت لە کەنەدا و ئەوروپای ڕۆژئاوا دەستپێکرد، هەر لەو وڵاتانەشدا پێویستیە بنەڕەتیەکانی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی دابینکران.

لە کۆتایی ساڵی (1970)دا لیژنەی ئەوروپای یەکگرتو، دەستی بە دابینکردنی خەرجی بۆ کارکردن لەسەر سیستەمی ئیرۆترا (Eurotra) کرد. ئامانج لەم پرۆژەیە پێشخستنی وەرگێڕی نێوان زمانی (Interlingua) بە سیستەمی فرەزمانی (Multilingual) بو، ماوەی پرۆژەکە لە نێوان ساڵی (1990ز) تا سەرەتای ساڵی (2000) دابو، هەر لەم ساڵانەدا، چەند وەرگێڕێکی ئامێریی بەهێز و بەسود لە کومپیوتەری کەسی و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بینران، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە گەورانە بو کە لە خێرایی پەیڕەوی وەرگێڕانی ئامێریدا کران. لێکۆڵینەوەکان بە زۆری لە چوارچێوەی مۆدێلی وەرگێڕانی ئاماری و بنکەی نمونە ( Example

Based)دابون. هەرچەندە تا ئێستا دەسکەوتێکی بەزر نەهاتۆتە دی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، چەند وەرگێڕێکی تەواو خۆکاری، لە جۆری وەرگێڕی ئامێری داهێنراون کە دەتوانرێ کرۆکی هەر بابەتێك تا ئاستێکی باش بۆ خوێنەر وەربگێڕێ و سودی لێ ببینێ(حسین، 2007،ل 58-60).

**دو: هەندێ لە سودەکانی وەرگێڕانی ئامێری:**

١ــ گەڕاندنەوە و پاشەکەوتکردنی کاتێکی زۆر لە وەرگێڕاندا.

٢ــ هەر بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر دەتوانێ، بەکاریبێنێ، چونکە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا تاڕادەیەك بەخۆڕایە.

٣ــ توانایەکی باشی لە وەرگێڕان و خوێندنەوەی دەق و وشەکاندا، لە زۆربەی زمانە باوەکاندا هەیە.

٤ــ سەرباری ئەمانەش، نابێ ڕۆلی فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکان فەرامۆش بکرێ، چونکە لە لایەک دەبنە بنچینەی وەرگێڕانی ئامێری و لە لایەکی تریش لە وەرگێڕانی ئاساییشدا وەرگێڕەکان ئێستا سودێکی زۆر لە فەرهەنگی ئامێرە ئەلکترۆنیە زیرەکەکان وەردەگرن و ئێستا بەکارهێنانی فەرهەنگە پەڕتوکیەکان کەمتر باوی ماوە.

**سێ: جۆرەکانی وەرگێڕانی ئامێری:**

بەپێی ئەو پرۆگرام و ماڵپەڕانەی تایبەتن بە وەرگێڕانی ئامێری، دەکرێ وەرگێڕانی ئامێری دابەشی سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە بکرێ:

١ــ وەرگێڕانی ئامێری دەنگی ــ دەنگی: مەبەست لەو جۆرەیە کە قسەکەر بە زمانی یەکەم قسەدەکا و لە ڕێی ئامێرە زیرەکەکان ڕاستەوخۆ قسەکە لە ڕێی دەنگەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی دوەم، وەک لە بەرنامەی وەرگێڕانی گوگل (Google Translation)دا هەیە.



وەرگێرانی دەنگی ـ دەنگی

٢ــ وەرگێڕانی ئامێری دەنگی ــ نوسین: لەم جۆرەیاندا قسەکەر بە زمانی یەکەم قسەدەکا، ئامێرەکە قسەکە وەردەگێڕێتە سەر زمانی دوەم و بە شێوەی نوسین دەریدەخا.



وەرگێرانی دەنگی ـ نوسین

٣ــ وەرگێڕانی ئامێری نوسین ــ دەنگی: ئەم جۆرەیان دەقێک لە بەرنامەی وەرگێڕەکە بە زمانی یەکەم دەنوسرێ و بەرنامەکە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی دوەم و بە شێوەی دەنگ دەیخاتەڕو.




وەرگێڕانی نوسین ـ دەنگی

٤ـ وەرگێڕانی ئامێری نوسین ـ نوسین: ئەم جۆرەیان دەقێک لە بەرنامەی وەرگێڕەکە بە زمانی یەکەم دەنوسرێ و بەرنامەکە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی دووەم و بە شێوەی نوسین نیشانیدەدا.




وەرگێڕانی نوسین ـ نوسین

٥ـ وەرگێڕانی ئامێری وێنەی نوسین ڕاستەوخۆ بۆ نوسین: ئەم جۆرەیان کامێرای ئامێرە زیرەکەکە (مۆبایل، تابلێت، لاپتۆپ،...هتد) لەسەر دەقێک بە زمانی یەکەم ڕادەگیرێ و یەکسەر بەرنامەکە ڕاستەوخۆ لە شاشەی مۆبایلەکە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی دووەم و بە شێوەی نوسین نیشانیدەدا.




وەرگێڕانی وێنەی نوسراوی زمانێک بۆ نوسینی زمانێکی تر

**3- (بەرنامە و ماڵپەڕەکانی تایبەت بە وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی)**

تەوەری یەکەم: ئەو پرۆگرام و ماڵپەڕانەی تایبەتن بە وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی:

کە باس لە پرۆگرامی تایبەت بە وەرگێڕان دەگەین لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان لەزمانێکەوە بۆ چەندین زمان، ژمارەیەکی بێکۆتا لە پرۆگرامی کۆمپیوتەری و مۆبایل بەرچاو دەکەوێت، هەندێك لەو پرۆگرامانە زۆر پێشکەوتون و نەك وەرگێڕانی وشە بە وشە بەڵکو وەرگێڕانی دەق بۆ دەق ئەنجام دەدەن، هەروەها نەك هەر نوسین بەڵکو هەندێکیان دەنگیش دەگۆڕنە سەر نوسین وە

وەریدەگێڕنە سەر زمانانی تر و بەهەمان شێوە نوسینەکەش دەکەنەوە دەنگ، یەکێك لەگرنگترین ئەو پرۆگرامانە پرۆگرامی ( Google Translate) کە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە دروستکراوە و دەیان زمان لەخۆ دەگرێت، لەوانەش زمانی کوردی زاری کرمانجی ژورو.

هەروەها یەکێکی تر لەو پرۆگرامە دانسقانە پرۆگرامی (Translator) کە بەنوسین و دەنگ دەق لەزمانێکەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی تر بەڵام ژمارەی ئەو زمانانەی ئەم پرۆگرامە لەخۆی دەگرێت کەمترە لەچاو پرۆگرامەکەی پێشو.

جگە لە پرۆگرامەکان دەیان ماڵپەری جۆراوجۆر هەیە کە لەلایەن تاکە کەس یا کۆمپانیا بەناوبانگەکانەوە بۆ کاری وەرگێڕانی




ئەلیکترۆنی دروستکراون ، لەخوارەوە گرنگترین (10) دە ماڵپەڕ دەخەینە ڕو کە زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە و تایبەتن بە بواری وەرگێڕان کە ئەمانەن:

1- Bing (https://www.bing.com/translator)
2- Google Translate (https://translate.google.com)
3- Yandex Translate (https://translate.yandex.com/)
4- Tradukka (https://tradukka.com/translate/en/)
5- Babelxl (https://babelxl.com/)
6- Systranet (http://www.systranet.com/translate/)
7- Reverso (https://www.reverso.net/text-translation)
8- BabelFish (https://www.babelfish.com/)
9- Day Translations (https://www.daytranslations.com/free-translation-online/)
10- Cambridge (https://dictionary.cambridge.org/dictionary/)

تەوەری دووەم: بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە وەرگێڕاندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی تردا.

چەند پرۆگرام و ماڵپەڕێك هەیە ئێمەی کورد دەتوانین لەبواری وەرگێڕانی ئامێری سودیان لێببینین، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- گرنگترین پرۆگرام کەلەسەر کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکانی تری وەك مۆبایل و ئایپاد و تابلێت کاردەکات، هەندێك لەو پرۆگرامانە لەلایەن کوردەوە دروستکراون، بەڵام زیاتر وەرگێڕانەکانیان لەچوارچێوەی وەرگێڕانی وشە بەوشە دەخولێتەوە و ئەو زمانانەی کە وەریدەگێڕێتە سەری سنوردارن، واتە ژمارەیەکی کەم زمان لەخۆدەگرێت، بەڵام هەندێ پرۆگرامی تر هەیە کە لەلایەن کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بواری پرۆگرام دروستکراون ئێمەی کورد دەتوانین سودیان لێببینین، چونکە زمانی کوردیش لەخۆدەگرن، گرنگترینیان:

1- پرۆگرامی (Translator)

کە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە دروستکراوە، زمانی کوردی لەخۆدەگرێ بەهەردو زارە سەرەکییەکەیەوە ، بەڵام کێشەی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە تەنیا توانای ئەوەی هەیە لەهەمو زمانەکانەوە دەق وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لەزمانی کوردییەوە ناتوانێت دەق وەربگێڕێتە سەر زمانەکانی تر.

2- پرۆگرامی (Google Translate)



ئەم پرۆگرامە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە دروستکراوە، زمانی کوردی زاری کرمانجی ژوری تێدایە، کە توانای ئەوەی هەیە لە زمانەکانی ترەوە دەق وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی (زاری کرمانجی ژورو) و بە پێچەوانەشەوە لە کوردییەوە بۆ زانەکانی تر.

ب- گرنگترین ئەو ماڵپەڕانەی کە ئێمەی کورد دەتوانین سودی لێ ببینین:

1- ماڵپەڕی(Bing) بینگە(https://www.bing.com/translator):

ئەم ماڵپەڕە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە داندراوە، توانای ئەوەی هەیە دەق لە زمانی کوردی بەهەردو زارەسەرەکییەکەی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژورووەوە وەرگێڕێتە سەر زمانانی تر و لە زمانەکانی ترەوەش وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی بەهەردو زارەکەیەوە.

2- ماڵپەڕی (Google Translate) (https://translate.google.com/):

ئەم ماڵپەڕە ژمارەیەکی کەمتر زمان لەخۆ دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ ماڵپەڕی بینگ، هەروەها ئێمەی کورد تەنیا بۆ زاری کرمانجی ژورو سودی لێدەبینین و زاری کرمانجی ناوەڕاستی تێدانییە، لەگەڵ ئەوەش لەدوای ماڵپەری بینگ بە باشترین ماڵپەڕ دادەندریت کە لەبواری وەرگێڕانی ئامێری سودێکی زۆری لێدەبیندرێت.

## پێشنیاز:

بۆئەوەی ئێمەی کوردیش بتوانین وەك نەتەوە و میللەتانی تر سود لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وەربگرین بەتایبەت لەبواری وەرگێڕانی ئامێریدا پێویستە کار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

1- کردنەوی ناوەندێکی توێژینەوەی تایبەت بە زمانی کوردی لەزانکۆکانی کوردستان بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی زمانی کوردی لەڕێگەی دروستکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی – کوردی بە زارەجیاجیاکانی زمانی کوردی و دروستکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی – ئینگلیزی.

2- سود وەرگرتن لە پسپۆڕانی زمانی کوردی بەتایبەت ئەو پسپۆڕانەی شارەزاییەکی باشیان لە کۆمپیوتەر و دانانی پرۆگرامی کۆمپیوتەری هەیە، هەروەها سود وەرگرتن لە پسپۆڕانی کۆمپیوتەر بەتایبەت ئەو پسپۆڕانەی شارەزاییەکی باشیان لە زمانی کوردی هەیە، بۆ ئەوەی هەردولا پێکەوە لەو سەنتەری توێژینەوەیەدا کاربکەن.

3- لەڕێگای ئەم سەنتەری توێژینەوەیەوە هەوڵبدرێت دوای دروستکردنی فەرهەمێگی ئەلیکترۆنی زمانی کوردی هەمەلایەن، فەرهەنگەکە لەگەڵ ئەو پرۆگرام و ماڵپەرە جیهانیانە ببەسترێتەوە کە لەلایەن کۆمپانیا بەناوبانگەکانەوە دروستکراون و تایبەتن بە بواری وەرگێڕانی ئامێری، وەك کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گۆگڵ.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- واتای وەرگێڕان تەنیا لە سنوری وشە و ڕستەدا ناوەستێ، بەڵکو وەرگێڕانی دەقیش دەگرێتەوە.

2- وەرگێڕ دەتوانێ، بە چەند جۆرێك کاری وەرگێڕان بکا، وەك: دەسکردی ئاسایی و ئامێری، واتە؛ مرۆڤ دەتوانێ، بۆ کاری وەرگێڕان، سود لە ئامێریش وەربگرێ.

3- وەرگێڕانی ئامێری ناتوانێ، بە شێوەیەکی سەرکەوتو وەرگێڕانێکی تەواو و بێخەوش بکا، بەڵام دەکرێ، ئەمە بە زیادکردنی بنکە زانیاریەکانی بەرنامەکانی وەرگێڕان چارەسەربکرێ.

4- وەرگێڕان دەبێتە هۆی ئاشناکردن و ئاڵوگۆڕی کلتور و دابونەریتی گەلان، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کلتورەکان و ئاڵوگۆڕی زانستی و ڕۆشنبیری و فراوانبونی خەرمانی شارستانیەت.

5- زمانەوانەکان و تیۆرەکانی وەرگێڕان زیاتر جەخت لە بەکارهێنانی ڕێبازی واتایی و شیکردنەوە و دورکەوتنەوە لە ڕێبازی وشە بە وشە دەکەنەوە، چونکە وەرگێڕانی وشە بە وشە واتای دەقە سەرچاوەکە ناگەێنێتە زمانی دوەم.

6- لە وەرگێڕانی ئاساییشدا، وەرگێڕەکان سودێکی زۆر لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکانی ناو ئامێرە زیرەکەکان وەردەگرن.

7- ئەم پرۆگرام و ماڵپەرانەی تایبەتن بە بواری وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی سودێکی زۆر بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەخشن، بەتایبەت لەکاتە پێویستەکاندا کە هیچ وەرگێڕێك شك نابەن و بیرۆکەیەکیان دەست دەکەوێت لەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکە ئەگەر وەرگێڕانەکە سەدا سەدیش ڕاست نەبێت.

## سەرچاوەکان

1. ابراهیم احمد شوان، 2014،بەراوردی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
2. أمین علی سعید – کامل حسن عزیز البصیر، 1990، وەرگێڕان، بەغدا.
3. پەروین عثمان مصطفی، 2008، واتا و وەرگێڕان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.
4. پەروەر عبدالرحمان صالح، 2013، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیك ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
5. جەمال نەبەز، 1958، وەرگێڕان هونەرە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
6. جەمال نەبەز، وەرگێڕانی هونەری، چاپی چوارەم، 2008، لەبڵاوکراوەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان، دەزگەی ڕاگەیاندن.
7. حسین یەعقوبی، و. ئیسماعیل زارعی، 2007 ، زمان، وەرگێڕان و پێوەندی کولتورەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
8. دیاکۆ هاشمی، 2020، وەرگێڕان (translation)،ماڵپەڕی (**www.yageyziman.com**) لینکی (http://yageyziman.com/wergerran.htm).
9. ڕەفیق صالح صدیق صالح،1958، وەرگێڕان هونەرە، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
10. شەهاب شێخ تەیب، 2013، چەند تیشکێك بۆسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانیە هاوچەرخەکان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
11. شوکریە ڕەسول ئیبراهیم،2002، گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) سەرهەڵدان و دەوری لە پێشخستنی زمان و هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێڕان، سلێمانی.
12. صفاء خلوصی، 1956، فن الترجمە فی ضوء الدراسات المقارنة، وزارة التربیة والاعلام، بغداد.
13. عبدالباقی الصافی، 1983، نظریة لغویة للترجمة، کلیة التربیة، جامعة البصرة.
14. کەریم سۆفی،2004، وەرگێڕان چۆن ئەکرێ، گۆڤاری ڕامان، ژ 86 – 87.
15. کەمال معروف، 2003، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
16. کێشەکانی وەرگێڕان، 1999، گۆڤاری ڕامان، ژ37.
17. کەریم شارەزا، 1983، پەندی بەراوردکاری لەنێوان کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی، چاپخانەی سمیر أمیس.
18. ماجد محمد نوری،1993، الترجمة الالیة للجمل البسیطة بین اللغتین الکردیة والعربیة، رسالة ماجستیر، کلیە العلوم، جامعة صدام للهندسة والعلوم.
19. مەریوان ئەسعەد بەهائەدین، 2013، وەرگێڕانی ئامێری ڕستە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین.
20. وریا عومەر ئەمین، 2004، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
21. یۆئیل یوسف عەزیز و هاوڕێیانی، و. غازی فاتح وەیس،1984، وەرگێڕانی ئەدەبی پۆلی چەوارەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
22. Norbert Schmitt. 2002 .An Introduction to Applied Linguistics. New York. P1.
23. Roman Jakobson. 1960. Linguistic Aspects of Translation. New York.

دور الأجهزة الالكترونية فى الترجمة

عبدالله حسين رسول    عاطف عبدالله فرهادي
كلية اللغات، قسم اللغة الكوردية، جامعه صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

الترجمة واحد من الطرق المهمة لتبادل الآراء والمعلومات بين الشعوب واللغات المختلفة. منذ القدم لجأ الشعوب الى الترجمة لتلبية معاملاتهم التجارية والتفاهم والتعايش بينهم.

لولا وجود الترجمة، لبقي الشعوب منغلقة على نفسها، ولم تتمكن من تبادل الآراء والسلع والمعلومات بينهم. وهذا يعني، بأن الترجمة هي الوسيلة الرئيسية لتطور الشعوب وتبادل حضاراتهم. لذا نسعى في هذا البحث التركيز على الترجمة وأنواعها و دور الأجهزة الألكترونية في عصرنا هذا مما قدموا تسهيلات وافرة في هذا المجال. النقطة الضرورية المهمة لنا هي كيف نتمكن من الإستفادة من الترجمة الآلية من و الى اللغة الكوردية، من خلال التركيز على البرامج والمواقع الألكترونية المخصصة لهذا المجال.

للإيفاء بالغرض، ينقسم البحث الى فصلين. في الفصل الأول تطرق الباحثان الى موقع الترجمة الآلية في علم اللغة، أما الفصل الثاني يدور حول الترجمة الآلية، وإنقسم كل من الفصلين الى عدة محاور.

**الكلمات الرئيسية**: الترجمة، الأجهزة الألكترونية، علم اللغة التطبيقي، الحاسوب، علم اللغة الحاسوبي، الترجمة الألكترونية.

**The role of electronic machines in translation**

**Abdullah Hussein Rasool    Atif Abdullah Farhadi**
College of Languages, Kurdish Department, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

Translation is one of the important ways to exchange views and information between different peoples and languages.  Since ancient times, peoples have resorted to translation to perform their business dealings, commercial treatment, understanding each other, and coexistence between them.

Without translation, peoples unable to exchange opinions, goods and information between them.  This means that translation is the main modality for the development of peoples and exchange of their civilizations. So, in this research we seek to focus on translation and its types, and the role of electronic devices in this time, which provided many facilities in this field. The necessary point for us as Kurdish peoples is how we can benefit from machine translation to and from Kurdish language by focusing on programs and websites dedicated to this field.

To fulfill the purpose, the research is divided into two chapters. In the first chapter, the two researchers discussed the position of automatic translation in linguistics, while the second chapter is about machine translation, each chapter is divided into several sections.

**Keywords**: translation, electronic translation, applied linguistics, computer, linguistics, electronic translation.